# ئەدەب لە گۆڤاری "بیری نوێ"ی حزبی شیوعی عیراقی - قۆناغی نهێنی ١٩٨٥-١٩٩٠

نەوزاد عەلی ئەحمەد

## پێشەکی

### بۆچی ئەم باسە

نووسینی ئەم بابەتە، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، بەڵام دەکرێت لێرەدا تەنیا ئاماژە بە خاڵە سەرەکییەکان بدەم؛[1] - دەمێکە کار لەسەر ساغکردنەوەی ئەدەبیات و چاپەمەنی حزب و هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکەم لە ڕۆژگاریی خەباتی نهێنیدا.[2] - تا ئێستا بابەتێکی ورد و دەوڵەمەند بە زانیاری سەبارەت بەم گۆڤارە نەنووسراوە.[3] - ئاشناکردنی پسپۆر و شارەزایان و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییە بە گۆڤارێك کە شایستە بەو مێژووەیە.

### چی دەربارەی بیری نوێ نووسراوە؟

لە چەند دێڕێکی پڕ لە هەڵە و کەموکوڕی بترازێت ئەگەرنا بابەتێك و وتارێکی ورد سەبارەت بە گۆڤارەکە نەنووسراوە، ئیسماعیل تەنیا دەنووسێت:" گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی بوو، ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق، بە زمانی کوردی ( کرمانجی خواروو- ئارامی) دەریدەکرد. یەکەم ژمارەی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٥ دەرچووە. تا ڕاپەڕین ١٦ ژمارەی لێدەرچووە. ژمارە ( ١٧) ی لە حوزەیرانی ١٩٩٢ دا، دەرچووە. هەمان ڕێکخراو لە ساڵانی ١٩٧٢ -١٩٧٩، بە هەمان ناو ڕۆژنامەیەکی هەر بەو ناوە لە بەغدا دەرکردووە ". ئەوەی لەم نووسینەدا هەڵەی زەقە لە قۆناغی نهێنیدا واتە لە ڕۆژگاری خەباتی شاخدا گۆڤارەکە ١٥ ژمارەی لێدەرچووە، نەك ١٦ ژمارە.

---

١ - ئیسماعیل تەنیا، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣، ل١٦٢

٢ - نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی١٩٦١-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠١، ل٨٧

٣ – د. فائق بطي، الموسوعة الصحفية الكردية في العراق، تاريخها و تطورها، دار المدي للثقافة و النشر، الطبعة الاولي ٢٠١١، ص ٣١١



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم کتێبەمدا؛ رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، کە ١٢ ساڵ پێش کتێبەکەی ئیسماعیل تەنیا چاپکراوە، منیش هەمان هەڵەم کردووە و نووسیومە:" تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ژمارەکانی گەیشتۆتە ١٦ ژمارە ". رەنگە نووسەری ناوبراو سوودی لە کتێبەکەی من وەرگرتبێت، بۆیە هەمان هەڵەی دووبارە کردۆتەوە.

سەیربکەن نووسەرێکی پڕ بەرهەم و دیاری بواری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەریی و شارەزا لە ئەدەبیاتی حزبی شیوعی عیراق بۆ ئەم گۆڤارە چی نووسیوە:" رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتی یە، هەرێمی کوردستانی حزب لە ساڵی ١٩٨٤ تا ١٩٩١دەریکردووە، ١٦ ژمارەی لێدەرچووە " لەم دوو دێڕەدا چوار هەڵە کراوە، رۆژنامە نیە گۆڤارە. یەکەمین ژمارەی ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە نەك ساڵی ١٩٨٤. دوا ژمارەی لە قۆناغی شاخدا ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە نەك ١٩٩١. هەروەها لەو قۆناغەدا ١٥ ژمارەیە نەك ١٦ ژمارە.

**گرفت**

گرفتی هەرە سەرەکی بۆ نووسینی بابەت سەبارەت بە رۆژنامەگەریی نهێنیی نەبوونی کەرەستەی خاوە، واتە خودی چاپەمەنی و ئەدەبیاتەکانە. بۆ گۆڤاری بیری نوێ- ش رووبەرووی هەمان کێشە بوومەوە و تا ئێستا چەند ژمارەیەك لەو گۆڤارە نەدۆزراونەتەوە .

**میتۆد و پلان**

بۆ کاری لەمجۆرە، واتە ساغکردنەوە و خوێندنەوەی بەڵگەنامە و کەرەستەی مێژوویی ناکرێت میتۆدی وەسف فەرامۆش بکرێت، منیش لەم بابەتەدا زیاتر کارم لەسەر میتۆدی مێژوو- وەسف کردووە.

ستراکتوری باسەکەش لەسەر دوو بەش بنیاتنراوە، لەبەشی یەکەمدا بە کورتی لە مێژووی رۆژنامەگەریی حزبی شیوعی عیراقی و کوردستان دواوم، لە بەشی دووەمدا لەسەر پانتایی ئەدەب لە گۆڤارەکەدا وەستاوم.

**هەولێر**
**٢٠١٧-١-٢٥**


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەکەم

## ڕۆژنامەگەریی حزبی شیوعی لە عیراق و لە کوردستانی باشووردا

### کورتە سەرەتایەك

لە مێژووی سیاسی عیراقدا پێش جەنگی یەکەمینی جیهانی ساڵی ١٩١٤ سێ حزبی نهێنی هەبوون" العهد" و " حرس الاستقلال" و " جمعیه البصره الاصلاحیه" دژی سیاسەتی تەتریکردن" عوسمانی" خەباتیان کردووە، بەڵام مێژووی حزبی سیاسی مۆڵەتدراو بە دوو خولدا تێپەریوە. لە کاتی دەرچوونی یاسای کۆمەڵەکان لە ساڵی ١٩٢٢ تا دامەزراندنی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٢٤، لەو دوو ساڵەدا پێنج حزب دامەزران کە بە ئاشکرا دەستیان بە تێکۆشان کرد، ئەوانیش الحزب الوگنی بە سەرۆکایەتی جەعفەر ئەبو ئەلتمەن، حزب النهچە بە سەرۆکایەتی ئەمین الچەرچەفچی، حزب الحر بە سەرۆکایەتی مەحمود ئەلنەقیب، حزب الامه، حزب الاستقلال الوگنی لە موسڵ. بەڵام خولی دووەم دوای دامەزرندنی پەرلەمان تا ساڵی ١٩٣٦ درێژ دەبێتەوە[٤] ، سەرەڕای ئەو حزبانە چەند حزبێکی تریش لە مێژووی ژیانی حزبایەتی عیراق ناویان هاتووە[٥].

سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ لە عیراق، بە تایبەتیش لە بەشە ناوەڕاست و خوارووەکەی بە نهێنی باس لە فکری چەپ دەکرا، گروپی بچووك بچووك خەریك بوو درووست دەبوون، بۆ یەکەمینجار وشەی "سۆسیالیستی" بە زمانی عەرەبی لە عێراقدا لە ڕۆژنامەی ( دجله) ی بەغدایی لە ژمارە٥٠ ی ڕۆژی ٢٥/ ئابی ١٩٢١ بەکارهاتووە، لە ڕۆژی ٢٨ کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ یەکەمین ڕۆژنامەیەکی نزیك لە فکری مارکسی بە ئاشکرا بە ناوی ( الصحیفه) بڵاوکراوەتەوە. لە نێو کوردیش فکرەی چەپ و مارکسی بۆ یەکەمینجار لە نێو پارتی هیوا مشتومڕی گەرمی لێکەوتەوە، هەر ئەو فکرەیەش بوو پارتەکەی کردە دوو لەت لە مانگی شوباتی ١٩٤٤دا .

لەو سەردەمەشدا تاقمی خوێندەواری مارکسی کورد لە شاری هەولێر پەیدا ببوون، هەر لە ساڵی ١٩٤٢- ەوە ساڵح حەیدەری و ڕەشید قادرو نافیع یونس و چەندین قوتابی‌تری کورد وەك دەستە چەپ هاتبوونە کۆڕی تێکۆشانەوە بۆ ماوەیەك لەگەڵ چەند لاوێکی‌تردا لە هەولێر" کۆمەڵی میللەت- جمعیه الشعب" یان پێکەوە نابوو، ئەمانە ڕۆژنامەکەیان بە
ناوی " بلێسە" دەردەکرد تا ئاستێك مارکسی بوو[٦] . بەڵام ناکرێت کاریگەریی گروپ و دەستە کۆمۆنیست و چەپەکانی عیراق فەرامۆش بکرێن، لە ١٩٣٤/٣/٣١ لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی چەند گرووپو دەستەیەکدا شانەیەکی مارکسی لینینی پێکهاتو لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا چاپکراوێکی تایبەت بە فکری مارکسی بە ناوی (عگارد) چاپبکرێت، ژمارە(١)ی لە ڕۆژی ١٩٣٤/٨/١٠ بڵاوکرایەوە، بەڵام لە مانگی

---

٤- فائق بطي، صحافة الاحزاب و تاريخ الحركة الوطنية، منشورات مكتبة بغداد، بغداد ١٩٦٩، ص ١٣ و ١٤

٥- بۆ زانیاری زیاتر دەکرێت بگەڕێنەوە سەر سەرچاوەی پێشوو.

٦- بۆ ئەم زانیارییانە دەکرێت، سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێت. ١- نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی دا ١٩٦١- ١٩٩١، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠١. ٢- نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی لە کوردستانی خوارووداً، هەفتەنامەی ( ڕێگای کوردستان)ی ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق، ژمارە ٤٤٩ی ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٢


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تەمووزی ساڵی ١٩٣٥ لیژنەی ناوەندی (اللجنه مكافحه الاستعمار والاستپمار) كۆبووەوەو بڕیاریدا ناوی ڕێكخراوەكەیان بۆ (حزبی شیوعی عێراقی) بگۆڕن‌و ڕۆژنامەیەكی ناوەندی بە ناوی (كفاح الشعب) دەربكەن.

**ڕۆژنامەگەریی حزبی شیوعی عیراق ١٩٣٥ تا ١٩٧٨**

لێرەدا ئاماژە بە ناو و مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەگەریی حزبی شیوعی عیراق دەدەم، هەروەها چەند ناوێكی تریشم تێهەڵكێش كردووە، ڕۆژنامەگەریی چەپ و كۆمۆنیستین، كە ئەمڕۆ جیاكردنەوەیان ئاسان نیە، ئایا حزبی شیوعی عیراقی دەریكردوون یان نا؟ حزبی شیوعی و زۆربەی حزبەكانی تر، لەوجۆرە چالاكییانەیان هەبووە، ناوی حزب یان ڕێكخراوەكەیان نەخستۆتە سەر چاپەمەنی و ئەدەبیاتەكانیان .

لە بواری ڕۆژنامەگەریدا حزبی شیوعی عیراقی یەكێكە لە حزبە دەوڵەمەندەكان لە عیراقدا. سەرەڕای چاپ و بڵاوكردنەوە چەندان نەوەی ڕۆژنامەنووسی پێشكەش بە جیهانی ڕۆژنامەگەریی عیراقی بە كوردستانیشەوە كردووە، بە تایبەتیش لە ڕۆژنامەی حزبیدا جێ پەنجەی ئەندام و كادر و ڕۆژنامەنووسانی شیوعی دیارە و بەسەر حزبە عیراقییەكان بڵاوبوونەتەوە! ئەمەش كورتە زانیارییێكە سەبارەت بە ناو و مێژووی دەرچوونی كۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری چەپ و كۆمۆنیست و حزبی شیوعی عیراق لە چەند قۆناغێكی جیاوازدا:

كفاح الشعب ١٩٣٥، الشراره ١٩٤٠، القاعده ١٩٤٣همك – القاعده ١٩٤٣، ئازادی ١٩٤٤، العصبه ١٩٤٦، الاساس ١٩٤٨، الهادی ١٩٤٨، صوت الكادح ١٩٥١، الپقافه الجدیده ١٩٥٣، اتحاد الشعب ١٩٥٦، المپقف ١٩٥٨، صوت الگلیعه١٩٥٩، صوت الفرات ١٩٥٩، صوت الشعب ١٩٥، گریق الشعب ١٩٦١.

هەروەها ئەم ڕۆژنامە و بڵاوكراوانەشی دەركردووە، زیاتر بە زمانی كوردی بوونە: ئازادی كوردستان ١٩٤٥، دەنگی فەلاح ١٩٤٨، دەنگی داس ١٩٥١، دەنگی فەقێ ١٩٥٣، دەنگی قوتابیان ١٩٥٣، یەكێتی فەللاح ١٩٥٤، گەنجان ١٩٥٤

**ڕۆژنامەگەریی حزبی شیوعی عیراق ١٩٧٩_١٩٩١**

ساڵی ١٩٧٨ دوای ئەوەی بەعسی عیراقی كەوتە دەستگیركردن و زیندانی و كوشتنی شیوعییەكان، ئەوانیش یان بە نهێنی ڕێگای هەندەرانیان گرتەبەر بەرەو وڵاتانی بلۆكی سۆسیالیستی بە تایبەتیش عەرەبەكانیان، بەڵام سەركردە و كادرە كوردەكان زۆربەیان ڕوویان لە شاخەكانی كوردستان كرد، بە تایبەتیش ڕوویان لە سنووری چالاكییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ناوچەی نێوزەنگ و زەڵێ و نۆكان كرد. هەر لە ساڵی ١٩٨٠ تا ئەنفالەكان واتە ساڵی ١٩٨٨ ڕاگەیاندنی ناوەندی حزب، بەشی ڕاگەیاندنی مەڵبەندەكان، قاتعەكان، فەوجەكان، سریەكان لە ڕێگای هۆكارەكانی ڕاگەیاندن بە تایبەتیش بڵاوكراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار دەستیان بە گەیاندنی پەیامی حزب كرد لە پێناوی هوشیاركردنەوەی جەماوەردا،

لەو ماوەیەدا بە زمانی عەرەبی و كوردی ئەم بەرهەمە ڕۆژنامەگەرییانەیان پێشكەش بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی عیراقی و كوردستانی كردووە:

ڕێگای كوردستان- گریق كوردستان ١٩٨٠، گریق الشعب ١٩٨٠، بیری نوێ ١٩٨٥، المتابعه، ١٩٨٨، رساله العراق ١٩٨٠، ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم ١٩٨٥، هەڵمەت ١٩٨٥، ڕێبازی پێشمەرگە، لەگەڵ ئەو بڵاوكراوە و گۆڤارانەی كە ڕێكخراوە جەماوەرییەكانی حزب دەریكردوون.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها وەك قۆناغێكی نهێنی زۆر گرنگی بە گۆڤاری دەفتەریی دەستنووس داوە لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٦ چەندان كاریی لەو شێوەیەی بڵاوكردۆتەوە، ئەمەش چەند ناوێكە:

14 "اكتوبر ١٩٨٣، الاممی ١٩٨٣،الانتفاچە– ١ ١٩٨٢، الانتفاچە- ب ١٩٨٤، الانگلاقە١٩٨١، پیرمۆس١٩٨٢، تكوین ٣٤- ١٩٨٢،الجبل الابیچ ١٩٨٥، خاپوور ١٩٨٥،الخگوە- گاڤەك ١٩٨٤،الخگوە- هەنگاو ١٩٨٥، رافد زێوە ١٩٨٤، الرایە- ئاڵا ١٩٨٤، الرماە ١٩٨٤، رێنوێن ١٩٨٤، ستێراسوور ١٩٨٤، الشراع ١٩٨٣، الشڤایا ١٩٨٤، شعاع ١٩٨٣، الشعاع- تیشك ١٩٨٤، صوت الانصار- دەنگی پێشمەرگە ١٩٨٤، فجر النصیر ١٩٨١، قندیل ١٩٨٤، المسیرە، ١٩٨٤، المفرزە ٤٧- ١٩٨٢، النصیر الپقافی ١٩٨٠، هرور ١٩٨١....[٧] هتد

## دوو بیری نوێ!

وەك لە چەندان سەرچاوەدا هاتووە و ژمارەكانیشی لە دەیان شوێندا پارێزراون، رۆژی ١٩٧٢/٦/١٨حزبی شیوعی عیراق بە زمانی كوردی و عەرەبی لە شاری بەغدا هەفتەنامەیەكی بەناوی" بیری نوێ" دەركردووە، تەمەنی ئەم هەفتەنامە لەگەڵ تەمەنی پەیوەندییەكانی حزبی بەعسی ئیشتراكی عەرەبی و حزبی شیوعی عیراق بووە، دوای سیاسەتە داپلۆسێنەرەكانی بەعس بۆ سەر حزبی شیوعی عیراقی ئەو رۆژنامەیە وەك تەواوی ئۆرگان و رۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییەكانی ئەویش لە نیسانی ساڵی ١٩٧٩ قەدەغەكراو وەستێنرا، بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵ بیری نوێ وەستا، تا لە مانگی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ لە شێوەی گۆڤاردا هەم وەك درێژەپێدەری بیری نوێ ی بەغدا، هەم وەك گۆڤارێكی نوێ چاپ و بڵاوكراوەیەوە، چونكە گۆڤارەكە هەڵگری دوو ژمارە بوو، ژمارەی تازە واتە زنجیرە ١ و هەم ژمارەكانی هەفتەنامەی بیری نوێ- شی لەسەر داندرابوو، بۆ نموونە لە ژمارە ١ دا بەم شێوەیەدا لەسەر بەرگی ژمارەكە نووسراوە: " ژمارە ( ١) ( ٣٤٠)...... هتد"

لە پێناوی بەخشینی ناسنامەیەكی تر بە گۆڤاری بیری نوێ لە ژمارە ١٤ دا ئەم روونكردنەوەیە نووسراوە:" یەكەمین ژمارەی بیری نوێ. لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧٢. بە شێوەی رۆژنامەیەكی هەفتانە لە بەغدا بە ئاشكرا دەرچوو. دوای شاڵاوەكەی رژێم بۆسەر حزبمان لە ساڵی ١٩٧٩دا بیری نوێ راگیرا. لە كانوونی دووەمی ١٩٨٥دا بە شێوەی گۆڤار لە ناوچە ئازادكراوەكاندا دەرچووە و تا ساڵی ١٩٨٨ ( ١٣ ) ژمارەی لێ بڵاوبووەوە. لەم ژمارەیەوە ( ١٤) گۆڤاری بیری نوێ تەنیا پەیرەوی ئەو ژمارانە دەكەین كە بە شێوەی گۆڤار دەرچووە و چاو لەو ژمارانەی بیری نوێ دەپۆشین كە بە شێوەی رۆژنامە هەفتانە بڵاوبونەتەوە و بریتین لە ( ٣١٩)[٨] ژمارە[٩] " كەواتە حزبی شیوعی عیراق- هەرێمی كوردستان دوو چاپەمەنی بەناوی بیری نوێ دەركردووە، یەكێكیان هەفتەنامە بووە و لە بەغدا بە ئاشكرا و بە شێوەیەكی مۆڵەتدار دەرچووە، ئەویتریش گۆڤاری بیری نوێ- یە لە شاخ بە نهێنی دەرچووە، كە ئەم لێكۆڵینەوەیە بۆ ئەدەب لە" بیری نوێ" یەكەی شاخ تەرخانكراوە.

---

٧- سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: **لگیف** حسن، شیء عن الصحافه الانصاریه، " **الپقافه الجدیده**، گۆڤارێكی مانگانەیە حزبی شیوعی عێراقی دەریدەكات، ژمارە ٩، ساڵی ٣٧، تەمموزی ١٩٩٠. بۆ زانیاری من ئەم بابەتەم بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕداوە و لە گۆڤاری رۆژنامەنووس و ئەم كتێبەم بڵاوبۆتەوە: رۆژنامە لە كتێبدا، بەرگی دووەم.

٨- ئەم ژمارەیە هەڵەی چاپە، راستییەكەی ( ٣٤٠)

٩ -بیری نوێ، ژمارە ١٤، حوزەیرانی ١٩٩٠، ل٨١



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**قۆناغی نهێنی گۆڤاری بیری نوێ**

لە ژمارە ١٦ ئەم پەرەگرافە وەردەگرین" کاتێك رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٧٨ دەستی بە شاڵاوێکی دڕندانەی خوێناوی دژ بە حزبمان کرد و، بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەربەرەکانی بیروباوەڕی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی کرد، بیری نوێ لە ساڵی ١٩٧٩دا، بەناچاری وەستا. بەڵام زۆری نەبرد لە کوردستانەوە، لەژێر سایەی تفەنگی پێشمەرگە نەبەردەکانی حزبمانەوە جارێکی دیکە، بیری نوێ وەکو گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی وەرزانە سەری هەڵدایەوە[10] .. ". ئەم گۆڤارە بە شێوەیەکی نهێنی و لە ماوەی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیدا ١٥ ژمارەی لێدەرچووە لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەمین ژمارە و ساڵی ١٩٩٠ دوا ژمارەی لە قۆناغی شاخدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شاری هەولێر و بە ئاشکرا ژمارە ١٦ی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە، دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و یاسای چاپەمەنییەکانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان دەرچوو، ئەم گۆڤارەش وەك دەیان چاپەمەنی تری مۆڵەتی وەرگرت، ئەوەندەی بزانم تا ئێستاش ناوە، ناوە دەرچێت. بەڵام وەك ئاماژەم پێداوە من تەنیا لە ١٥ ژمارەکەی شاخ دەوێم و سەرنج دەخەمە سەر بابەتە ئەدەبییەکان.

## بەشی دووەم
## ئەدەب لە بیری نوێ

**ناساندنی بیری نوێ**

لەسەر بەرگی پێشەوەی بیری نوێ نووسراوە: گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی یە، حزبی شیوعی عێراق دەری دەکات، وەك هەر رۆژنامە و چاپەمەنییەکی نهێنی ناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران لەسەر گۆڤارەکە دانەدراوە. تەنیا بە زمانی کوردی بابەتی بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی نووسراوە گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە، بەڵام زۆرترین پانتایی تەنیا بۆ سیاسەت و ئەدەب تەرخانکردووە. بابەتەکان تێکەڵەن لە نووسین، وەرگێڕان، ئامادەکردن. بابەتەکان بە تایپی دەستی.. ئاسایی، یاخود IBM تایپکراون، پاشان لە رێگای رۆنیۆ، ئۆفسێتی بچووك، یاخود فۆتۆکۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە. قەبارەکەی ١٢ ژمارەی یەکەمینی نیو فۆلسکابە، بەڵام دوو ژمارەکەی کۆتایی قەبارەیان نیو A4. مانشێت و ناونیشانە سەرەکی و فەرعییەکان خۆشنووس نووسیویەتی. لە رەنگی رەش زیاتر تەنیا بۆ بەرگ بەکارهاتووە، بەرگی ژمارەکان لەسەر کارتۆنی رەنگاورەنگ چاپکراون، ئەوانەی دیزاینی گۆڤارەکەیان کردووە شارەزاییان لە کاری دیزاینی رۆژنامەگەریدا هەبوو، بە تایبەتیش لە جوانکردنی بەرگدا. لە بەرگی دواوەی زۆربەی ژمارەکاندا نرخ داندراوە سەرەتا ٥٠٠ فلس بووە، پاشان کراوە بە دینارێك. زۆر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەداوە، بۆ نموونە لە دوو ژمارەکەی کۆتایدا هیچ وێنەیەك دانەندراوە. ناوی چاپخانە نەنووسراوە، بەڵام دوای سۆراغکردن لە چاپخانەی سەرەکی ناوەندی راگەیاندنی حزب چاپکراوە. بۆم

١٠ - بیری نوێ، ژمارە ١٦، ل٥٥


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەرنەکەوتووە تیراژی چەند بووە! یەکەمین ژمارەی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە، سەرەتا هەوڵدراوە وەرزانە دەربچێت، بەڵام وەك هەر چاپەمەنییەکی نهێنی، ئەو پەیمانە تا سەر نەبووە، چونکە دۆخی هێرش و بەرگری و ژیانی پێشمەرگایەتی تەحەکومی بە ئەدەبیات و راگەیاندنی شاخ کردووە. تا هێرشەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨دا ١٢ ژمارەی لێدەرچووە، دوو ساڵ وەستاوە و لە ساڵی ١٩٩٠ دوو ژمارەی تری لێدەرچۆتەوە. لە ژمارە ١ تا ژمارە ١٣ لەسەری نووسراوە حزبی شیوعی عێراق دەریدەکات، بەڵام لە ژمارە ١٤ و ١٥ دا نووسراوە؛ رێکخراوی هەرێمی کوردستان- حزبی شیوعی عێراق دەری دەکات

**نووسەر و وەرگێڕەکان!**

بێجگە لە چەند ناوێك بترازێت، ئەگەرنا زۆربەی هەرمزۆری ئەوانەی بابەت و نووسینیان لە ژمارەکانی بیری نوێ بڵاوکردۆتەوە سەرکردەو کادر و پێشمەرگەی حزبی شیوعی عیراقی بوونە، ئەمەش ناویانە: عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد، مەلا حەسەن، جەلال دەباغ، رەفیق سابیر، هاشم کۆچانی، هادی مەحمود، سەرۆ قادر، ئاسۆ کەریم، کاروان عەبدوڵڵا، رێواس ئەحمەد، کەریم کاکە، شەماڵ حەوێزی، هەندرێن، بەرۆژ ئاکرەیی، فازیل کەریم ئەحمەد، محەمەد حەلاق، رزگار شوانی، کاکل حەسەن، سەرداری مەلا ئەحمەد، رەوەند، بەهار، ئەستێرە، باوکی تارا، مەحمود دکتاریوف... هتد

ئەمە و ئەم ناوانەشم بۆ ساغ نەبۆتەوە: باوکی سیروان، شاکر، ب. کاروس، شێخ سەعید، هەژار، ئارام هەورامی، هیوا. ق، ئارام، شیرین، نەوزاد.

**کێ گۆڤارەکەی بەڕێوەبردووە؟**

زۆر هەوڵمدا سەرەداوێکم دەستبکەوێت سەبارەت بەو کەسانەی کە لە گۆڤارەکەدا کاریان کردووە، لە رێگای تەلەفۆن، فەیسبووك، ئیمێل، چەندان نامەم نارد و پرسیارم کرد، دواجار ئاسۆ کەریم ئەم زانیاریانەی بۆ ناردم وا دەقاودەق دەینووسمەوە: لەو گۆڤارەدا چەند کەسێك کاریان تێداکردووە، ماوە ماوە گۆڕاون بەڵام بە گشتی ئەمانە بەڕێوەیان بردووە:" ئاسۆ کەریم، کاروان عەبدوڵڵا، شەهید هندرێن، سەرۆ قادر، ئازاد محەمەد ئەمین، هاشم کۆچانی، پرشنگ سەعید- ئەستێرە، جەلال دەباغ، دیلمان ئامێدی، شەماڵ حەوێزی و ... ئەوە تا ساڵی ١٩٨٦_١٩٨٧. پاشان من ئاگام لێ نەماوە و چوومە بادینان چونکە رێگای کوردستان- مان بردە ناوچەی بادینان، منیش سەرنووسەری بووم لە شاخ تا ئەنفالەکان ١٩٨٣ تا ١٩٨٨"[١١]

**ساغکردنەوەی ناوەکان**[١٢]

هەر ئاسۆ کەریم چەند ناوێکی بۆ ساغ کردمەوە، بە ناوی خوازراو، یاخود نهێنی لە گۆڤارەکەدا بابەتیان بڵاوکردۆتەوە:

هۆگر؛ شەهید هندرێن " رزگار محەمەد خەلیل.

حەسەن گەرمیانی؛ خەڵکی دوز- ە، ئێستا لە هەولێر دەژی.

کاکەلاو؛ ئازاد محەمەد ئەمین.

١١ - لە رێگای فەیسوك ئەم زانیارییانەی بۆ ناردووم، رۆژی ٢٦-١-٢٠١٧

١٢ - بۆ ساغکردنەوەی ئەم ناوانە ئاسۆ کەریم یارمەتی داوم، نامەی فەیسبوك رۆژی ٢٧-١-٢٠١٧



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هێرش؛ خەڵکی مەهابادە، توودەیی بوو، ئێستا لە سوید دەژی.

رۆژبێ؛ بەرۆژ ئاکرەیی.

کاروان؛ کاروان عەبدوڵڵا.

ك. کاکە؛ کەریم کاکە.

سەرۆ؛ سەرۆ قادر.

هندرێن؛ ئومێد مەهدی.

شاخەوان؛ هاشم کۆچانی.

نەبەز؛ خەڵکی هەولێرە.

رەوەند؛ مامۆستا رەوەند.

شوان؛ ئاسۆ کەریم.

ئەستێرە؛ پرشنگ سەعید.

بەهار؛ رێواس ئەحمەد.

رێواس؛ رێواس ئەحمەد.

**ئامانج و ئاراستە**

بۆئەوەی لە پەیام و ئاراستەی کارکردنی گۆڤارەکە تێبگەین، پێویستە بە پلەی یەکەم سەروتاری" رێباز"ەکەی بخوێنینەوە، ناوەرۆکی ئەو بابەتانەش کە بڵاودەکرێنەوە دەبنە ناسنامەی چاپکراوەکە بە تایبەتیش لە ئەدەبیاتەکانی حزب و رێکخراوە خاوەن دیسپلینە توندەکانی حزبایەتیدا. حزبی شیوعی عیراق، حزبێکی خاوەن پرانسیپ و دیسپلین بووە، ئەمەش کولتوری حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکانە، ئەوان پێویستیان بە رۆژنامەیەك بووە کە" پەرژینێکی فیکری بەهێز بە دەوری حزبدا بکێشێ و ئەو وردە بورژوایانەی سوورن لەسەر مەلەکردن لە دەریای وەهم و خەیاڵ و بوختاندا بکوتێ و ریسوایان بکات، لە هەمان کاتدا پردێکی قایم بێ بۆ ئەوانەی کە بە مەبەستی دڵسۆزی لە مارکسیزم نزیك دەبنەوە. ئەمە جگە لە روون کردنەوە و سازدانی جەماوەر بە سیاسەت و دروشمەکانی حزبی شیوعیمان[١٣] "، دەکرێ ئەم بۆچوونە وەك هێڵێکی گشتی رۆژنامەگەریی کۆمۆنیستی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام لە هەقیقەتدا رۆژنامەگەریی کۆمۆنیستی کارێکی کلیشەبەندی و حازربەدەستە، ئایدیۆلۆژیا رێگا نادات هێڵ و سنوورە حزبیەکان لەژێر ناو و دروشمی ئازادی رۆژنامەگەریی ببەزێنیت.

بۆ باشتر بەرهەمهێنانی مەبەستەکە لەمەڕ ئاراستە و ئامانج لە دەرکردنی گۆڤاری بیری نوێ ئەم پەرەگرافە دەنووسمەوە، کە بە ئیمزای دەستەی نووسەران لەژێر گۆشەی سەروتاردا نووسیویانە:" بیری نوێ و ئەرکەکانی ئەمرۆ" هاتووە: " بیری نوێ دوای دوو ساڵ وەستانی ناچاری- بەهۆی رووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨- جارێکی تر دێتەوە کۆڕی تێکۆشانی فیکری و رۆشنبیری، بۆ ئەوەی لەم هەلومەرجە ئاستەم و ئاڵۆزەدا، هاوشانی سەرجەم بڵاوکراوە رەسەن و خاوەن پەیامە پیرۆزەکانی کوردەواریدا، بەشداری لە هەڵگرتنی مەشخەڵی فیکری

١٣ - سەرۆ، گرنگی رۆژنامەگەریی شیوعی لە تێکۆشانی چینایەتیدا، بیری نوێ " گۆڤار" ژمارە ٥، ئازاری ١٩٨٦، ل ٣١



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێشکەوتنخواز و وشەی ئازاد و ڕەوا بکات" ئەمە و بۆ دۆخی ئەوێ ڕۆژێی وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی نووسیویانە: " ئەو بارودۆخە نوێ یەی لە دنیای سوسیالیزم و بواری فیکری سۆسیالیستی دا هاتۆتە کایەوە پەیام و ئەرکی – بیری نوێ- سەخت و قورستر دەکات و وا پێویست دەکا بە ڕاستی لە ئاستی ڕووداوە خێرا و بە تەوژمەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و ئەو ئەرکە تازانەدا دابێت کە ڕووبەرووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان دەبنەوە و، لە ڕێگای تەفاعول کردنێکی قوڵ لەگەڵ نوێکاری و ڕەوتی گۆڕان لە جیهان و ناوچەکەمان و، پەرەپێدانی ڕۆڵی فیکر و ڕۆشنبیری و داکۆکی کردن لە ڕێبازی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و مرۆیی کردنی گشت بوارەکانی ژیان و، بەرگری لە کاکڵە ڕەسەنەکەی بیروباوەڕی مارکسیزم- لینیزم ."[14]

**ئەدەب لە گۆڤارەکەدا**

ئەگەرچی لە کلیشەی دەرەوەیدا، حزب و ڕێکخراوی سیاسی بە چوارچێوەیەکی ڕووتی سیاسی و کاریی حزبایەتی ناسێنراوە و ڕووت کراوەتەوە لە ئیستاتیکا، بەڵام ئەم بۆچوونە تەمەنی درێژ نەبووە! بە هەڵدانەوەی ئەدەبیاتەکانیان نەك دەقی ئاست نزم، بەڵکو دەقێك دەخوێنینەوە لوتکە بە باڵای براوە .

ڕۆژنامەگەریی حزبی شیوعی عیراقی گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەدەب داوە، بەڵام بیرۆستریکا هەژانی بە ئەدەبیش بەخشی. ئەدەب لە چوارچێوەی دیسپلین و کاریی حزبی چووە دەرەوە!

گۆڤاری بیری نوێ لە ڕۆژگارێکی هەستیاری خەباتی چەکداریی و پێشمەرگایەتیدا لە دایك بووە. لە گۆڤارەکەدا دوو جۆرە ئەدەب بڵاوکراوەتەوە، ئەدەبێك زۆر حزبییە و چوارچێوەیەکی حزبی بۆ خۆی داتاشیوە، بەڵام دەقگەلێك دەبینین کە ڕاستە ڕیالیزمە، بەڵام ناچنە نێو چوارچێوەی ڕێباز و قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆسیالیستییەوە .

گۆڤاری بیری نوێ لە دوای ژمارە پێنجەوە چەندان لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەب و ناوی لەو لاپەڕانە ناوە " ئەدەب و هونەر". من تەنیا کارم لەسەر دەقە ئەدەبیەکان کردووە و بەمجۆرە لەژێر ناوی شیعر و چیرۆك پۆلێنم کردوون:

- **شیعر**

بۆ ئەو ئەدەبەی لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی دا بە تایبەتیش لە ڕۆژگاریی خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی بڵاوبوونەوە تا ئێستا لەسەر زاراوەیەك ڕێك نەکەوتووین ئایا ئەمە ئەدەبی پێشمەرگە یان ئەدەبی بەرگرییە! من ناویان دەنێم ئەدەبی پێشمەرگە، چونکە مەرج نیە هەر شتێك لە شاخ و لە ڕۆژگاریی خەباتی چەکداریدا بڵاوکرابێتەوە، ئەدەبی بەرگریی بن!

**ا- شیعری وەرگێڕادراو**

گۆڤاری ناوبراو لە دووتوێی ژمارەکانیدا چەندان شیعری وەرگێڕدراوی بڵاوکردۆتەوە. بۆ نموونە ئەم دەقە شیعرێکی فەڵەستینیە و ڕوو لە سەربازێکی ئیسرائیلی دەکات، بە کۆمەڵێك وێنەی ئاوێزان بە فۆتۆی ڕووت دەیدوێنێت. ئەم شیعرە شیعرێکی هاوبەشی شاعیران؛ مەعین بەسیسۆ و مەحمود دەرویش-ە لە ژێر ناونیشانی " نامەیەك لە ناوەندی ئابلۆقەوە بۆ سەربازێکی ئیسرائیلی" لە چەند کۆپلەیەکدا بە سەربازەکە دەڵێن:

١٤ - بیری نوێ و ئەرکەکانی ئیمڕۆ " سەروتار"، دەستەی نووسەران، بیری نوێ، ژمارە ١٤، حوزەیرانی ١٩٩٠، لاپەرە ٤ و ٥



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەوەی روخاندت، روخاندت
ئەوەی کوشتت، کوشتت
ئەوەی دیتت، دیتت
تەقاندت و، تەقیتەوە
شکاندت و، شکایتەوە
جا ئایا تۆ،
لە ئارامی و ئاسایشدایت؟
ئێستا لە لوبنان
چۆنمان دەبینی!
گونیەی پڕ لە خۆڵ
یان چڕە دوکەڵ[١٥]

ئەمەش چەند وێنە شیعرێکی ترە لە شیعرێکی تری وەرگێڕدراو، شیعرەکە هی شاعیر؛ "سیاوەشی کەسرایی"یە. دەقێکی چینایەتییە، لە ژیانی چینی خوارەوە دەوێت و بە کۆمەڵێك وێنەی هەستیار، کاریگەریی لەسەر سۆز چێ دەکات. ئەم شیعرە ناوی " شاعیر"ە. لێرەدا بەیانی حاڵی ئەرکی شاعیر دەکات:

شاعیر،
ئاوێنەی بوون، چ وێنەیەك بنوێنێ؟
کاتێ کە برسیایەتی، هاوار دەکا
دایەگیان:
دایە من نانم دەوێ...
شاعیر، بە روح برسی ترینی نێو گشت برسیان
لە کۆڵانی هەژاری
چ هاوارێ وەرێ خات؟[١٦]

**ب- دەقی خۆماڵی**

ئەمانە چەند شیعرێکی خۆماڵین کە گۆڤارەکەیان دەوڵەمەند کردووە، بە تایبەتیش شیعری چەند شاعیرێکی دیار و ناسراوی نێو کایەی ئەدەبی کوردی بڵاوکردۆتەوە، کە ئەوسا یان پێشمەرگە بوون، یاخود لە دەرەوەی کوردستان لە تاراوگە دەژیان.

سەرەتا چەند وێنە و دێڕ و کۆپلەیەك لە شیعری " هەڵەبجە"ی شاعیر " هاشم کۆچانی" وەردەگرم:

هەڵەبجە
نرکەی سیمفۆنیای

١٥ - بیری نوێ، ژمارە ٤، ل٦٨
١٦ - بیری نوێ، ژمارە ٤، ل٧٤


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ملیۆنان خەڵکی کۆیلەیە
وڵات بە وڵات دەگەڕێ و
هاوار دەکا:
چەند سەدەیە سپارتاکۆس و ئەسپەکەی ئاودیو بوون؟
کەچی لێرە
قۆناغ هێشتا
هەر قۆناغەکەی ئەوسایە!
هەڵەبجە شیوەنی شارە
هەڵەبجە شیوەنی دێ یە
هەڵەبجە بسکی زێڕینی کوردستانە
کوردستانیش
تاڤگەی زیوینی ئاسیایە"[١٧]

رەفیق سابیر، وەك شاعیرێکی ریالیزم، بەم وێنانە لە شیعری" لە دایکبوون"دا، وێنەی لە دایکبوونی منداڵی کورد دەکێشێت، کە لە ئایندەدا دەبێت بە پێشمەرگە! ئەوەی ئەم شیعرەی جوان کردووە، وێنەی درامایی لە دایکبوونەکەیە، بە تایبەتیش شوێن و کات و رووداوی لە دایکبوونەکە :

لە کەوێڵێکی سەرما بردوودا
لەبەر چۆڕاوگە و
لەگەڵ برسێتی و ترس و تەزوودا
بێ مامان، بێ کەس، لە دایك دەبێ،
لە ئەشکەوتێکی دوکەڵاویدا..
لەناو هاوارا،
لە پاشکۆی زیلا،
لە ژێر دەوارا،
لە دایك دەبێ.
لەناو برینا.. لە دایك دەبێ
لەسەر بڕینا... لە دایك دەبێ
لە بۆردومانا..... لە دایك دەبێ
لە بۆردومانا....
لەناو سووتانا.....
منداڵێکی کوردلە دایك دەبێ!!.

١٧ - بیری نوێ، ژمارە ١٣، ل٦٨


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**منداڵە کوردێ**

**بۆ یاخی بوون و پێشمەرگایەتی لە دایك دەبێ [١٨].**

## چیرۆك

چیرۆك وە ژانرێکی تری نووسین و هونەرێکی دیاری نێو کایەی هونەرەکانی ئەدەبدا، بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڤاری بیری نوێ هەڵوەستەی بۆ کردووە و چەندان دەقی جوانی بڵاوکردۆتەوە:

"تا گەیشتە بەرزاییەکە، هەناسەیان لێبڕا، عەبە ئاوڕێکی لە ئاواییەکەی دایەوە، رق و خەمێکی قوڵ وەك ئاگری نەورۆز لە دەرونیا کڵپەی سەند، گوندی چی .. تاریکیەکی خامۆش و تەڵخ، خانوەکان وەك سێبەری گۆڕیان لێهاتوە، چۆن ئاسك لە راوچی رادەکا، ئاوها خەڵك گوندەکەیان جێدەهێشت. لەو بەهارەدا گەڵای تەڕپۆشی دارەکان هەڵدەوەرینە سەر خاکە سووتاوەکە، باڵندەکان وەك تازە فێری باڵە فڕێ بووبیتن پۆل پۆل دەکەوتنە خوارێ"

ئەمە پەرەگرافی یەکەم و دووەم بوو لە چیرۆکی" نۆبەرە" لە نووسینی "رێواس". رووداوی چیرۆکەکە؛ ژنێك دووگیانە، ئەو رۆژەی کە منداڵە نۆبەرەکەی دەبێت، شوێنەکەیان کیمیاباران دەکرێت، هەوڵدەدەن بۆ بەرزاییێك بچن تا کیمیاییەکە کاریگەریی لەسەریان نەبێت، بەڵام کە دەگەنە شوێنی مەبەست کیمیایی لە منداڵەکەی داوە و کۆچ دەکات؛

" چ ناوێك بۆ ئەم کۆرپەیە هەڵبژێرم، لە رۆژێك زیاتر ژیانی پێ رەوا نەبینرا.. با دایکی خاك ناوی بنێ، ئێمەش لەسەر کێڵی گۆڕەکەی دەنووسین: بچووکترین شەهیدی بەڵای کیمیایی"

شەڕی ناوخۆی نێوان حزب و هێزەکان خاڵێکی نێگەتیڤی نێوان زۆربەی هێز و حزبەکانە لە زۆربەی زۆری شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکاندا لە مێژووی مرۆڤایەتی بە تایبەتیش لە بزاڤە درێژخایەنەکاندا، کوردیش لەم رووداوە بێبەش نەبووە، بەڵکو توندتر و خوێناویتر بووە، بەراورد بە هەندێك وڵات و ناوچە لە جیهاندا .

لەبەرئەوەی بابەتەکەی ئێمە پەیوەندە بە کارکردن تەنیا لەسەر یەك گۆڤار ئەگەرنا دەکرێت ئاماژە بە چەندان دەق و بابەت بدەین کە بە شێوەیەکی هونەری بە تایبەتیش بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی چیرۆك و رۆمان ئەو رووداوانەیان گێڕاوەتەوە، لێرەدا تەنیا لەسەر یەك چیرۆك دەوەستم. چیرۆکی " ئەمڕۆ زەماوەن ئەگێڕین [١٩]!" لە نووسینی" فازیل کەریم ئەحمەد" ناسراو بە " مامۆستا جەعفەر" رووداوێکی جەرگبڕ لە شەڕی ناوخۆی نێوان حزب و هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان باس دەکات، کە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە " سەمیر و لەمیس"ن. ئەمانە دوو عاشق و دەستگیراندارن لە ترسی دەستگیرکردن و کوشتن روو لە شاخەکانی کوردستان دەکەن، بەڵام لە قەندیل دەکەونە ناو کوورەی شەڕی ناوخۆ و شەهید دەکرێن، چیرۆکنووس وەك بەیانکردنی شوێنی رووداوەکە دەنووسێت: " لە سەرەتای ئایاری هەموو ساڵێك لەم ساڵانەدا، لە بناری قەندیلا، زریانێکی

١٨ - بیری نوێ، ژمارە ٦، ل ٧١

١٩ - بیری نوێ، ژمارە ٤، لاپەڕە ٨٦



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

رەش و تووش هەلی کرد و پەڵەیەك گوڵاڵەسوورەی گەش ئاڵی هەڵپڕوکاند". چیرۆکەکە بریتیە لە ٩ لاپەڕە، تەنیا ئەم گفتوگۆیەدەگوازمەوە کە پنتی سەرەکی رووداوەکەن:

-چۆن ئەبێ بە بەرچاومەوە دەزگیرانەکەم بکوژن؟ ئێوە هەست و سۆزتان نیە، بەزەییتان بە کەسدا نایەتەوە؟ بیکەنە خاتری من..

-ئێوە لە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە لاتان داوە.

-چۆن لەسەر بیروباوەڕ مرۆڤ ئەکوژرێ؟

-ئێوە کۆسپن لە رێگەی رزگاری و سەرفرازی گەلەکەمان.

-ئێمە کۆسپن نین و لەپێناوی چەوساوەکان خەبات ئەکەین..

-ئەبێ تاقتان نەمێنێ..

-قەت ناهێڵم قەیس بکوژن

-پێم وتی دوورکەرەوە.. هەر ئەیکوژم..

-ئەبێ منیش لەگەڵیا بکوژن..

-فەرموو تۆش لەگەڵیا راوەستە.. ئامادەین تۆش بکوژین"..

ئەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی تری نێو گۆڤاری بیری نوێ، لە باری تەکنیك و زماندا ئاستیان بەرز و باشە و وەسف، شوێن، کات، رووداو لە پلەی باڵا دایە، بە تایبەتیش وەسفی شوێن، وەسفی شت و کەلوپەل، وەسفی کارەکتەر .

**وتار**

وەك ژانرێکی تری نووسینی ئەدەبیات گۆڤارەکە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وتار داوە، وتارەکان جیاوازن، مەبەستم لە وتاری ئەدەبیە، هەر بۆ نموونە تەنیا ئەگەر سەیری بەشی ئەدەب و هونەری ژمارە ٦ بکەین چوار وتاری هەمەجۆری ئەدەبی و هونەری بڵاوکردۆتەوە: " دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە ریالیزمی کارە سینەمایی یەکانی یەلماز گۆنای. چاوخشانێك بە چیرۆکی نامەیەکی بە پەلە. نامیلکە شیعری ئاوابوون، گفتوگۆیەکی نێوان نووسەرێکی کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکراتێك "


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام و پێشنیار

سەرەتاکانی بیری کۆمۆنیستی لە عیراقدا بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە،کە ئەوسا رۆژنامەی" الصحیفە" گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەو ئەدەبیاتە دەدا، بەڵام کوردستانی باشوور لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی رابردوو ئاشنا بووە بەوجۆرە بیرکردنەوەیە، ئەویش لە رێگای چەند گروپ و دەستەیەکدا، بە تایبەتیش حزبی هیوا، هەر ئەو فکرەیەش بوو کە رێکخراوەکەی دوو لەت کرد.

بە دامەزراندنی حزبی شیوعی عیراقی، ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی باشتر رەگوریشەی خۆی لە کۆمەڵگای عیراقیدا داکووتا، راگەیاندن هۆکارێکی گرنگ و راستەوخۆ بوو بۆ بڵاوکردنەوەی فکرەکە، لەو بوارەشدا حزبی شیوعی عیراقی خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە، ئەو حزبە هەر زوو گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی داوە بە زمانی کوردی.

قۆناغەکانی تیکۆشانی حزبی شیوعی عیراقی بە چەندان وێستگەی سەختدا تێپەڕیوە، کە زۆرترین ژیانی حزبی یاساغ بووە و لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای پێ نەدراوە، هەر بۆیە رۆژنامەگەریی حزبی شیوعی عیراقی لە زۆربەی هەرەزۆری رۆژگار و قۆناغەکاندا بە نهێنی دەرچووە.

دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و حزبی شیوعی عیراقی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٨دا، بەشێك لە شیوعییەکان روویان لە شاخەکانی کوردستان کرد و ئەوانی تریش زۆربەی هەرەزۆریان روویان لە سوریا و وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی کرد. لە شاخدا حزبی شیوعی دەستی بە دامەزراندنەوەی دامودەزگاکانی کردەوە بە تایبەتیش دەزگای راگەیاندن، لە ساڵی ١٩٨٠دا دەستی بە دەرکردنی چەندان بڵاوکراوە، رۆژنامە، گۆڤار کرد، تا ساڵی ١٩٨٨ راگەیاندنی حزبی شیوعی یەکێك بوو لە راگەیاندنە بەهێز و کاریگەرەکان، یەکێك لەو گۆڤارانەی لەو ماوەیەدا دەریکردووە، گۆڤاری" بیری نوێ" بوو.

گۆڤاری" بیری نوێ" یەکەمین ژمارەی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە، لە ناوەڕۆکدا زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی حزبی، سیاسی، ئەدەب، هونەر داوە، ئەوەی ئێمە کارمان لەسەر کردووە، بابەتی ئەدەبییە لە گۆڤارەکەدا.

لە "بیری نوێ" دا گرنگی بە دووجۆرە ئەدەب دراوە، ئەدەبی کوردی و ئەدەبی وەرگێڕدراو، چەندان قەڵەمی دیار و ناسراو بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، لە پاڵ گرنگی دان بە بڵاوکردنەوەی شیعر، پانتاییەکی باشی بۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆك تەرخان کردووە، ئەو ئەدەبەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە زیاتر سەر بە رێبازی ریالیزمین.

هەر ئەدەبیات و کارێکی رۆژنامەگەریی کە بە نهێنی چاپ و بڵاوکرابێتەوە، هەم تیراژیان کەم لێ بووە، هەم پاراستنیان ئاسان نەبووە، بۆیە دەبینین زۆربەی هەرزۆریان فەوتاون، هەر بۆیە بۆ ئەو گۆڤارە و ئەدەبیاتە نهێنییەکانی تر، پێشنیار دەکەم هەوڵبدەن کۆبکرێنەوە بە مەبەستی جارێکی تر چاپ کردنەوەیان .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەرچاوەکان**

-1ئیسماعیل تەنیا، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی ( ئازاری ١٩٧٥-١٩٩٣)، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣، ل١٦٢

-2داود امين، اعلام الحزب الشيوعي العراقي خلال فترة الكفاح المسلح ١٩٧٩-١٩٨٩، بغداد ٢٠١٥

٣ -د. فائق بطي، الموسوعة الصحفية الكردية في العراق، تاريخها و تطورها، دار المدي للثقافة و النشر، الطبعة الاولي ٢٠١١

٤ -د. فائق بطي،الصحافة اليسارية في العراق ١٩٢٤- ١٩٥٨،لندن ١٩٨٥

-5فائق بطي، صحافة الاحزاب و تاريخ الحركة الوطنية، منشورات مكتبة بغداد، ١٩٦٩

-6نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی١٩٦١-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠١

-7نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی دا ١٩٦١- ١٩٩١، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠١ .

-8 نەوزاد عەلی ئەحمەد، رۆژنامەگەریی چەپی نهێنی لە کوردستانی خوارووداء هەفتەنامەی ( رێگای کوردستان)ی ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق، ژمارە ٤٤٩ی رۆژی دووشەممە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٢

-9پرسیارکردن لە ئاسۆ کەریم لە رێگای فەیسووکەوە، رۆژی ٢٦-١-٢٠١٧ و رۆژی٢٧-١-٢٠١٧

-10هەفتەنامەی (رێگای کوردستان) ژمارە٤٩٩ی رۆژی ٢٠٠٢/٤/٢٢ ،هەروەها ژمارە ٥٠٠ی رۆژی ٢٠٠٢/٤/٢٩.

-11لطيف حسن، شيء عن الصحافة الانصارية، ؛ الثقافة الجديدة، گۆڤارێکی مانگانەیە حزبی شیوعی عێراقی دەریدەکات، ژمارە ٩، ساڵی ٣٧، تەمموزی ١٩٩٠



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## الادب في المجلة بيري نوي" لحزب الشيوعي العراقي ١٩٨٥_ ١٩٩٠

نوزاد علي احمد

ان بدايات الفكر الشيوعي في العراق تعود الي العشرينات من القرن الماضي، عندما بدأت صحيفة "الصحيفة" بنشر ادبيات الفكر الشيوعي ولكن لم تعم كردستان الجنوبية هذه الفكرة إلا في أواسط الثلاثينات من القرن ألماضي. كان ذلك عن طريق عدد من التنظيمات السياسية، و خاصة هيوا و سبب هذه الفكرة إنشقاقا في صفوف حزب هيوا. مع تأسيس الحزب الشيوعي العراقي وجد الفكر الشيوعي طريقه بصورة أعمق في صفوف المجتمع العراقي. من الطبيعي أن يكون للإعلام دور رئيسي في نشر هذه الفكرة. وكان للحزب الشيوعي مصدرا لاينضب لخمة هذه الفكرة. و بدأ هذا الحزب اهتمامه بنشر ادبياته باللغة الكردية مبكرا. مرت نضال الحزب الشيوعي بمراحل صعبة، وفي كثير من هذه لمراحل منع الحزب من العمل العلني من قبل السلطة المركزية ولم يمنح رخصة العمل العلني. لهذا فإن صحافة الحزب في كثير من هذه المراحل كانت تصدر بصورة سرية. بعد أن ساءت العلاقات بين حزب البعث العربي الإشتراكي والحزب الشيوعي العراقي في نهاية سنة ١٩٧٨، توجه قسم من الشيوعين إلي جبال كردستان وإلتجأ الآخرون إلي سوريا و دول الكتلة الإشتراكية. وفي جبال كردستان، بدأ الحزب الشيوعي بإعادة مؤسساتة و خاصة مؤسسة الإعلام. في سنة ١٩٨٠ بدأ الحزب بنشر عدد من الجرائد والمنشورات وكان إعلام الحزب الشيوعي لحد سنة ١٩٨٨ إعلاما قويا و مؤثرا. إن إحدي المجلات التي كان يصدرها الحزب في تلك الفترة، هي الفكر الجديد. وقد صدر أول عدد من هذه المجلة في كانون الثاني سنة ١٩٨٥. كانت هذه المجلة تهتم بنشر مواضيع حزبية، سياسية، ادبية وكذلك الفنية. و نحن هنا بصدد المواضيع الأدبية في تلك المجلة. وقد إهتم مجلة الفكر الجديد، في هذا المضمار، بالأدب الكردي و أدب ألترجمة. و نشر كثير من الكتاب المعروفين نتاجاتهم فيها. و كانت للقصة نصيبا وافرا من النشر إلي جانب الشعر. إن الادب المنشور في هذه المجلة كانت تنتمي إلي المدرسة الواقعية. إن عدد النتاجات الادبية والصحفية التي تم نشرهم بصورة سرية كانت قليلة و لم تكن الإحتفاظ بهم امرا سهلا. لهذا نري بإن الكثير منهم ضاعوا و لهذا اقترح بجمع اعداد هذه المجلة و الادبيات السرية الاخري من اجل القيام بإعادة طبعهم.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**The Iraqi Communist Party's "Biri Nwe"_ Secret work stage (1985 - 1990)**
**By; Nawzad Ali Ahmed**

Conclusion and suggestion The beginnings of communist thought in Iraq dates back to the 1920s, when “Alsahifa” paper began to publish the principles of communist thought, but it was only in the mid-1930s that this thought became known in Southern Kurdistan. However, this was done by several political organizations, particularly the Hiwa Party. Finally, the idea caused a split in the ranks of the Hiwa Party. With the establishment of the Iraqi Communist Party, communist thought found its way deeper into Iraqi society. In fact, the media played a major and influential role in disseminating this idea. In this respect, The Communist Party has an inexhaustible source to serve that line of thought. On the other hand, the party began to take practical steps towards disseminating its principles in Kurdish language very soon. The party has gone through difficult stages of struggle. In many of these stages, The central authority in Iraq prevented the party from exercising political work and it was not allowed to work publicly. Therefore, newspapers and publications of the party in many of these stages were issued secretly. At the end of 1978, after relations between the Ba'ath Party and the Iraqi Communist Party worsened, many of the communists went to the mountains of Kurdistan and others turned to Syria and the Socialist bloc countries. In the mountains of Kurdistan, The Communist Party began to re-operate its institutions, especially the media. In 1980, the party began publishing several newspapers and publications. The Communist partys media, until 1988, was one of the most influential media.” biri new” was one of the magazines that the party was issuing in that time. The first issue of this magazine was published in January 1985. The magazine was interested in publishing party issues along with political, literary and artistic topics. What we have worked on, here, is the literary topics in the magazine. In this respect, Kurdish literature and translation have been dealt with very much. works of the well-known writers have been published in them. Literary story, along with poetry, was of much interest in the magazine.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

The literature published there often belonged to the school of realism. The number of literary issues and newspapers that were published in secret was few and it was not easy to keep them up. Therefore, we see that many of them have been lost, and for this reason, I want to suggest collecting the issues of this magazine and other literary subjects for reprinting them.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)